# ڕاڤەی چوارینەکانی

# بابا هەژاری

# موکریان

ڕاڤەکار: زریان سەرچناری

٢٠٢٢

ڤێرژنی03/ ساڵی 2023

| چوارینە | ژمارە |
|---|---|
| **لە لامی، گیان پەپوولێکە لە رووتا**<br>**ئەگەر لێم دوور دەبی، دڵ دێ بە دووتا**<br>**لە نێزیکی و لە دووریت، خاکەسارم**<br>**ئیتر یا دڵ نییە، یان گیانە سووتا** | 1 |
| کاتێک تۆ لە لای منی، گیانم وەک پەپوولەی دەوری چرا، دێت بەرەو ڕووت! وە کە لێم دوور دەبیت، دڵم هەر لەلاتە و دێت بە شوێنتدا، ئیتر وا داماوم، لێم نزیک بیت گیانم دەسووتێت و لێم دوور بیت بێ دڵ دەمێنم!<br>پەپوولە، کە پەروانەشی پێ دەوترێت، بەرەو تیشکی چرا، مۆم و هەر ڕووناکییەکی تر دەڕوات تا ئەوەندە لێی نزیک دەبێتەوە گەرمییەکەی دەیسووتێنێت، وەک نموونە بۆ عاشقی ڕاستەقینە دەهێنرێتەوە.<br><br>باڵداری هەژاری شۆخ و ڕەنگین<br>دڵداری بە دەرد و ئێش و خەمگین<br>ئەی سەروەری هۆزی سینەداغان<br>ڕێ شاندەری مەرگی ڕاست و ساغان (مەم و زین)<br><br>لە ئەدەبیاتی کوردیدا باسی هەندێک ئەندام دەکرێت وەک ئەوەی کە بەتەنیا گیانلەبەرێکی سەربەخۆ بن، وەک فرینی چاو، دەرچوونی گیان، بۆیە لێرەدا باسی ڕۆشتنی دڵ کراوە.<br><br>لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من<br>هەرچەند دەگەڕێم بێسەروشوێن ماوە دڵی من (بێخود)<br><br>**خاکەسار:** خاکسار: کەسی هەژار و بێ نەوا. ڕەنگە لە (خاک+بە+سەر) هاتبێت واتا قوڕ بەسەرا!<br>جا ئەم قوڕبەسەرە نازانێت چی بکات لە یارەکەی نزیک یا دوور بێت، هەر دڵ یا گیانی لە دەست دەدات. | **ڕاڤە** |

| | |
|---|---|
| 2 | **دڵم دەیزانی ڕادەبری بە سەرمـــا**<br>**بە ڕێی کرد، دوا هەناسێکی لەبەرما**<br>**بـــە چاوم ئاوڕشێنی ڕێگەتم کرد**<br>**گیان دەرکەوتە پێشواز و لە دەر ما** |
| **ڕاڤە** | کاتێک دڵ هەستی کرد دێیت و بە لامدا تێ دەپەڕیت، هەناسەیەکی مابوو ئەویشی بە ڕێ کرد، وە بە فرمێسکی چاو ڕێگەی هاتنەکەتم ئاوڕشێن کرد. گیانیش لە لاشە هاتە دەرەوە، بۆ پێشوازیت.<br>لێرەدا عەقڵی داوەتە دەست دڵی، هەر بە دڵیدا هاتووە کە عاشقەکەی دێتە لای، ئەوە سەرەتا لە خۆشیدا هەناسەی لێبڕاوە، بۆ ئەوەی پێشوازییەکی جوانیشی لێ بکات، بە هۆی ڕێگەکەوە تەپوتۆزاوی نەبێت، هێندە گریاوە بە فرمێسک ئەو ناوەی ئاوڕشێن (یا فرمێسکڕشێن) کردووە، گیانیشی چووەتە دەرەوەی لەش تا پێشوازی لە یارەکەی بکات، بەداخەوە ئیتر نەیتوانی بگەڕێتەوە ناو لاشە و لە دەرەوە ماوەتەوە! |
| 3 | **هرووژمیان کردە دڵ، تیپـــی مژۆڵت**<br>**بە خوێن پاراوکرا، جێژوانی چۆڵت**<br>**دەسی دڵ بگرە، خوێنڕێژی هەتا کەی؟**<br>**بـــەزێکت بـــێ بە دڵداری کـڵۆڵت** |
| **ڕاڤە** | برژانگەکانت بە کۆمەڵ هێرشیان کردە سەر دڵم، ئیتر هێندە خوێنی لێ هات جێی یەکتر بینینەکەمان کە لەبەر نەهاتنی تۆ چۆڵ بوو، بە خوێن ئاومدا. تۆزێک بەزەییت بە دڵی دڵدارەکەتدا بێتەوە، بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ مەکە.<br>**هرووژم**: هێرش. **تیپ**: دەستە؛ تاقم. **پاراو**: ئاوداشتن. **بەزێک**: بەزەیییەک. **کڵۆڵ**: چارەڕەش. |

| | |
|---|---|
| 4 | **له تینی کوڵمەکەت، جەرگ و دڵم سووت**<br>**له تـاوی چـاوی جـادوت، بوومە هارووت**<br>**بەهەشت و کەوسەر و هـەنگوین و شیری**<br>**بە شاباشـی دڵۆپێک ئـــــارەقی ڕووت**<br><br>ڕوومەتت هێندە گەرمە یان پرشنگدارە، جەرگ و دڵی سووتاندم، له تاو جوانی چاوەکانت وەک فریشتەی (هارووت)م لێهاتووە، بەهەشت و ئەو خۆشییانەی تێیدایە وەک: ئاوی کەوسەر، هەنگوین و شیر، هەمووی ببێتە قوربانی یەک دڵۆپ له ئارەقی ڕوخسارت.<br><br>**هارووت**: فریشتەیەک بووە هاوڵی ماروت، له چیرۆکاندا پێکەوەیان دەڵێن: «ئارووت و ماروت» سەرەونخوون له چاڵاوی بابلدا هەڵاوەسراون و تینوویانە و ئاویان لەبەرچاوە و دەمیان نایگاتێ!<br>لێرەدا خۆی چوواندووە بە هارووت و ئارەقی ڕووی یاریش بە ئاو. |
| 5 | **دڵـی شێتم وەهـا گرتـــــی گڕوو پێت**<br>**له تـاوان، پێی دەتـاوان بەردی بەر پێت**<br>**چ ژین سەختم! چ دڵ سەختی گوڵی من!**<br>**کـزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت**<br><br>دڵم وەک شێت پەڵپی تۆی گرتووە، له تاوا خەریکە بەرد دەتوێنێتەوە، من چەندە ژیانم ناخۆشە، له بەرانبەردا تۆش هێندە دڵت ڕەقە، کزەی سووتانی دڵم دێت، تۆ وەک کزەی با سەیری دەکەیت.<br>**گڕوو**: له هەر پەرتووکێک و جۆرێک نووسراوە (گڕو، گڕۆ، گرو...)<br><br>شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە<br>بانگی ئازادی و گڕۆی یەکسانییە (ناڵەی جودایی) |

**ڕاڤە**

| | |
|---|---|
| 6 | **به چاوی تـــــۆ دڵـی ژار و گـرفتار**<br>**به دڵ مەرگی دەوێ، ڕۆژێ هەزار جار**<br>**لە ڕێی ئەم جوانییەت، تۆزێ بەزەت بێ**<br>**هـــەژاری تۆم، لـە مردن مەمکە ڕزگار** |
| **ڕاڤە** | دڵی هەژار و گرفتارم، ڕۆژی هەزار جار مەرگی خۆی بە ئاوات دەخوازێت، بیکە بە خاتری جوانییەکەت تۆزێک بەزەییت بە دڵداری بێ چارەی خۆتدا بێتەوە، بەزەییبیەکەش ئەوەیە بێیت بمکوژیت و لە مردن بێ بەشم نەکەیت! کە لەم ژیانەم خۆشترە.<br>**جوانی**:1-گەنجی؛ لاوی. 2-قەشەنگ. **بەزە**: بەزەیی. |
| 7 | **لە تاریکایی پرچت، بێ سەرەوودەر**<br>**دڵم گێژ و هوڕە چەشنی سکەندەر**<br>**بەلام ئاوی ژیان لاجانگی تۆیە**<br>**بەڵا ڕەشماری بسکت بوونە لەمپەڕ** |
| **ڕاڤە** | لە ناو ڕەشیی پرچەکانتدا کە کەس لێیان تێ نا گات، دڵم سەرسام بووە وەک (سکەندەر؟) .لەلای من ئاوی لاجانگت وەک ئاوی ژیانە، ئەوەی بیخواتەوە هەرگیز نامرێت. بەڵام ناتوانم بیخۆمەوە پرچەکانت کە وەکوو ڕەشمار وان بوونەتە ڕێگر.<br>**سەرەوودەر** : سەر و دەر؛ زانین، تێ گەیشتن. لە سەرچاوەیەکیاندا ئا وا هیی نووسراوە (سەرە و دەر) **لەمپەڕ**: بەرگر، کۆسپ.<br><br>**بەلام**: ی نوە دێڕی سێیەم، لە سەرچاوەیەکدا (بەڵام) نووسراوە. ئەگەر واشبێت، واتاکەی دیارە. |

<table>
<tr><td>8</td><td>بەژن شۆڕ و کەزیی شۆڕ و خەزیم شۆڕ<br>سەرەوشۆڕم دەکەن، سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ<br>هـەژار و خـوار و لـەشبیمار و دڵدار<br>دەبا وام لێ بێ، مافی خۆمە، هەی گۆڕا!</td></tr>
<tr><td>ڕاڤە</td><td>قەد و باڵات جوانە و پرچ و لووتەوانەکەت شۆڕبوونەتەوە جوانتری کردوویت، لێت بوون بە نەخش. کە دەتبینم لەبەر جوانیت هەر ئەوەیە نامرم و بچمە گۆڕەوە. دڵدارێکی بێ چارە و لەشبەبارم، ئیتر بە کەڵکی چی دێم؟ بۆیە ڕەوایە، وەکوو سزایەک بەرەو گۆڕ شۆڕ ببمەوە.<br><br>دێڕی یەکەم، ئەم هۆنراوەیەی شەهید مەلا عەلی دێنێتەوە یاد:<br>برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور<br>بە نابەڵەد تەمەن دەمبات بەرەو ژوور<br><br>گۆڕ: 1-قەبر. 2-سزا؛ جەزا.</td></tr>
<tr><td>9</td><td>شەوە، دنیا وەکوو خاڵت سیاپۆش<br>وەرە، با دەردەدڵ بکرێن فەرامۆش<br>دەسم دەستۆکە، با بتگرمە باوەش<br>ئەگەر مردم لە خۆشییان، چاوی تۆ خۆش</td></tr>
<tr><td>ڕاڤە</td><td>شەوە دونیا وەک خاڵت ڕەش پۆشە، وەرە با لەو تاریکاییەدا کە کەس نامانبینێت، خەفەت بخەینە لاوە و لە باوەشت بگرم، ئەگەر لە خۆشیشدا مردم ئەوا چاوی تۆ خۆش.<br>دەسم دە ستۆکە: دەستم لە ئەستۆ بکە. دەست بکەرە ملم.<br><br>ئەم هۆنەرە بێ چاوە کە سەودا سەری تۆیە<br>تاوێ وەرە دەس باوێ ملی، بەختەوەری کە (مەلا غەفووری دەباغی/حافزی مەهەبادی)</td></tr>
</table>

<table>
<tr><td>به سەرگەردانی ژێرگەردانەکەت بم<br>بەلاگەردانی باڵا جوانەکەت بم<br>ئەوا تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین<br>به گۆری چاوە پڕ گریانەکەت بم<br><br>به قوربانی ملوانکەکەتم و به ساقەی بەژن و باڵا جوانەکەت ببم، ئەوە تۆی دەتبینم عاشق دەکوژیت و دەشگریت بۆی! دەک ببمە (قوربانیی) بۆ چاوە پڕ فرمێسکەکەت.<br>گۆڕ: قوربانیی.</td><td>10<br><br><br><br><br>ڕاڤه</td></tr>
<tr><td>دەمی کۆچ، بارەکەت ناچێ لە یادم<br>دەبێ وەک کوشتمت، بشپرسی دادم<br>"کە بارگە بۆ هەوار تێک نا، دڵی من<br>شکا ئەستوندەکی تاوڵی مرادم"<br><br>کاتی کۆچکردنت، هێندە یادگارییەکی تاڵە لە یادم ناچێتەوە، بەو کۆچە منت کوشت، دە جارجار هەواڵ پرسییەک بکە. کە تۆ بارگەت پێچایەوە، ئیتر من کۆڵەکەی چاردی ئاواتەکانم شکا و ماڵ وێران بووم.<br><br>دەم: زار. بار: باریی سەر لێو. ئەستۆندەک: ئەستووندەک؛ داری کۆڵەکەی خێوەت و ڕەشماڵ.<br>تاوڵ: چادر، ڕەشماڵ. مراد: ئارەزووی دل.<br><br>کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم<br>شکا ئەستووندەکی تاوڵی مرادم (هێمن موکریانی)</td><td>11<br><br><br><br><br>ڕاڤه</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| 12 | **دەپرسی چۆنە چێژەی خەم دەچێژم؟**<br>**لەبەرچی دەرد و زووخاو هەڵدەرێژم؟**<br>**بژانگی تۆ، دڵی کردووەمە بێژنگ**<br>**کوڵ و خوێنی ئەوینێ دادەبێژم!** |
| **ڕاڤە** | وەکوو بێ ئاگایەک لێم دەپرسیت! ئایا بۆچی خەفەت دەخۆیت؟ وە لە بەر چی دەرد هەڵدەڕێژیت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: دڵم بووەتە بێژنگ کونکون. بە هۆی برژانگی یارەوە. ئیتر خەفەت و خوێنی پی دەبێژێتەوە.<br>(واتا: خەم دەخوات و دەرد هەڵدەڕێژێت و کوڵ و خوێن دەبێژێتەوە!). |
| 13 | **لە گوارەی پڕ پەرەنگ دڵ پڕ پەرەنگم**<br>**چەماوی بەژن و باڵای شۆخ و شەنگم**<br>**لەسەر سینگی سپیت، چاوم سپی بوون**<br>**لە تاوی زەردە لیمۆت، زەردە ڕەنگم** |
| **ڕاڤە** | حاڵێکی خراپم بەسەر هاتووە، لە تاو گۆشوارەی لەرزانەدارت، دڵم وەک پشکۆ گەرمە، پشتم کۆم بووە لە خەفەتی باڵای جوانت کە هەر پێی ناگەم. ئاوی سپی چاوم هات لە سپێتی سینگت، لە تاو زەردی مەمکەکانت ڕەنگم زەرد بووە.<br>**پەرەنگ**: 1-لەرزانەی گوارە 2-پشکۆ. |
| 14 | **لە قەندی لێوی تۆیە ژینی تاڵم**<br>**لە سووری کوڵمەتە بە خوێن شەلاڵم**<br>**لە دوو مەمکی خڕت، بیرم بڵاوە**<br>**کولاّو و کۆڵەواری سێوی کاڵم** |
| **ڕاڤە** | لە تاو لێوە شیرینەکانت ژیانم تاڵ بووە، لە تاو سووری ڕوومەتەکانت هەموو گیانم بە خۆین سوور بووە، لە تاو جووتە مەمکی خڕت بیرم پەرتەوازەیە نازانم بیر لە کامیان بکەمەوە! هەر سووتاوم بۆ سێوە نەگەیشتووەکانت.<br><br>**قەند**: شەکری کلۆ. **کۆڵەوار**: حاڵخراپ. |

| | |
|---|---|
| 15 | **به دڵ گیرۆدە بەو پرچی بەچینم**<br>**ڕەش و ئاڵۆزە، وەک ئەو بەخت و ژینم**<br>**دڵت گرتم، خەیاڵی خۆت تیا دی**<br>**خەوت بردم، کە لەودا تۆ دەبینم** |
| **ڕاڤە** | لە ناخی دڵەوە گیرۆدەی پرچە چینچینەکەت بووم! پرچەکانت ڕەش و ئاڵۆسکاون، کوتومت وەک یەک واین، چونکە منیش بەختم ڕەشە و ژیانم ئاڵۆزە! کە زانیت بە دل بیرت لێ دەکەمەوە، دڵت داگیرکردم، خەویشت زڕاندووم بۆ ئەوەی تەنانەت لە خەویشدا نەتبینم!<br>**وەک ئەو**: وەک پرچەکانت. |
| 16 | **وەرە، ئەی بەندی جەرگ و ماکی ژینم**<br>**وەرە، هەتووانی گش دەرد و برینم**<br>**شەوی ڕەش، ڕۆژی ڕوونی بەختی من بوو**<br>**کە لەودا، تۆ نزیکی خۆم دەبینم** |
| **ڕاڤە** | وەرە بۆ لام ئەی دەمارەکانی جەرگم و بناغەی ژیانم، وەرە ئەی مەرهەمی هەموو زەخم و زامەکانم، شەوی تاریک وەک ڕۆژی ڕووناکی بەختی منە، چونکە لە خەودا دەتبینم و لێم نزیکیت.<br>**ماک**: هەر ڕەگەز و بنچینەیەک کە شتی لێ پێک هاتووە. **هەتووان**: مەلْحەم، دەرمانێ کە دەبرینی دەساون. **گش**: گشت؛ هەموو. |
| 17 | **گراوی داوی خاوی سەربڕاوم**<br>**کوژاوی چاوی مەستی نیوە خاوم**<br>**لە تیشکی ڕوومەتت، سەردە هەناسەم**<br>**کز و بێ تینی ئەو بەژنی زراوم** |
| **ڕاڤە** | پابەندی زوڵفی یارم کە وەک (داو) پێوەی بووم. وا مردم بۆ چاوی جوانی، لە تاو گەرمی تیشکی ڕوخساری هەناسەم ساردە! لە تاو بەژنی بەرز و قەدی باریکی، کز و لاوازم.<br>**زراو**: بالابەرز و قەدباریک. |

| | |
|---|---|
| 18 | **جگەر لەتلەت بە ئەبرۆی تازەساوم**<br>**لەپێت سوورە لە خوێناوی ڕژاوم**<br>**خەیاڵم پەرتە بۆ خرخاڵی قۆڵت**<br>**زرەی لەرزانەکەت، بردی زراوم** |
| **ڕاڤە** | بەو برۆیەی کە تازە وەک شمشێر تیژی کردووەتەوە و ساوی داوە، جەرگی لەتلەت کردووم! بۆیە لە بری خەنە دەستی بە خوێنی من سوور بووە، خەیاڵم شڵەژاوە لە تاو بازنی قۆڵی، دەنگی زرەی لەرزانەکەشی هەناوی بردووم.<br>**خرخاڵ**: پاوانەی پا لە زێڕ و زیو. **لەرزانە**: پۆیلەی سەری ژن.<br>**زراو**: زارە؛ کیسەی زەرداو. |
| 19 | **چ خۆشە پاشی ئەم تۆرانە، سازان**<br>**چ شیرینە وتەی ڕاز و نیازان**<br>**بەسم بێ جەزرەبەی شەوگاری دووریت**<br>**پتر مەیهەنجنە جەرگم بە نازان** |
| **ڕاڤە** | ئای چەند خۆشە ئاشت بوونەوەی دوای تۆران. چەند شیرینە گفتوگۆ لەگەڵ یار؟ ئیتر بەسە ئازار و ئەزیەتی شەوگاری دووری تۆ، لەوە زیاتر جەرگم مەجنە بە مەکر و ناز. |
| 20 | **شەو ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان**<br>**لە مانگی ڕووت، هەناسەم بۆتە خەرمان**<br>**تکەی ئاونگی کوڵمت تەڕ دەکا لێو**<br>**گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان** |
| **ڕاڤە** | کات شەوە ئەستێرەکان تیشک دەدەنەوە بەسەرمانەوە، بۆ ڕوخسارت کە وەک مانگ وایە هەناسەم دەوری دەدەن، تکەی ئارەقەی ڕوخسارت کە لە گەرما و لە شەرمدا دەیکەیتەوە، لێو تەڕ دەکات (هی من یان هی خۆت)، جا ئەوەندە شیرینە وەک گەزۆ وایە.<br>**زریوە**: ترووکەی ئەستێرە. **خەرمان**: مژی دەوری مانگ. **ئاونگ**: شەونم. **گەزۆ**: ئاونگی شیرینی دار. |

| | |
|---|---|
| **پلاری تۆن کە دڵ چڕژاوە ئەمشەو**<br>**جخاری تۆن کە خوێن پڕژاوە ئەمشەو**<br>**مزەم چی بوو لە چاوی مامزی مەست؟**<br>**کە جەرگم بۆ مەزەی برژاوە ئەمشەو** | 21 |
| ئەمشەو بە هۆی تانەوتەشەری تۆوە، دڵم سست بووە، لە خەفەتی تۆ خوێنیشم ڕژاوە، دەستکەوتی من چی بوو لەو چاوە کەژاڵە جوانانەت؟ کە جەرگم برژاوە و دەکرێت بیکەیت بە مەزە بۆ چاوی مەستت.<br>**چرژی**: سیس هەڵگەڕاو. **جخار**: خەفەت. **مزە**: کرێ. **مەزە**: خواردنێک کە لەگەڵ شەراب خواردنەوە دەخورێت. | **ڕاڤە** |
| **لە چەشنی ئاگرن، کوڵمی گەشی تۆ**<br>**لە مار حەستەمترن پرچی ڕەشی تۆ**<br>**بڵێم وەک چی دەچی؟ هەر گوڵ دەزانم**<br>**لە گوڵ ناسکترە، ناسکلەشی تۆ** | 22 |
| ئەو کوڵمانەی تۆ لە سووری و گەرمیدا وەک ئاگر وان، ئەو پرچە ڕەشانەت لە مار ترسناکترن! نازانم بە چی بتچووێنم؟ ئەوەی من بزانم هەر لە گوڵ دەچیت! بەڵام لەشولارت لە گوڵیش ناسکترە.<br>**حەستەم**: زۆر دژوار؛ سەخت. | **ڕاڤە** |
| **دڵم تەنگە، وەکوو خونچەی دەمی تۆ**<br>**سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ**<br>**دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک**<br>**وتت: پێک نایە، زۆری من کەمی تۆ** | 23 |
| تۆ و من زۆر شتمان هاوشێوەن! دڵم وەک دەمی خونچەڕەنگت تەنگە! سەرم وەک پرچی لوولت، گێژە! مامەڵەیەکم لەگەڵ کردیت، ئەویش ئەوە بوو دڵ، گیان و ژیانم دایتی بە ماچێک. کەچی وتت: ئەم سەودایە ڕێک ناکەوێت. ماچەکەی من نرخی زیاترە لەو سیانەی تۆ! | **ڕاڤە** |

| | |
|---|---|
| 24 | **ژیانم چوو، هەژار و دەستەوئەژنۆ**<br>**چلۆن ڕوویداوە دەست و گەردنی تۆ؟**<br>**ژیانی دوایەشم بۆ تۆ، خودای شەو**<br>**بەرەو ڕۆ خۆش مەڕۆ، تۆزێک لەسەرخۆ**<br><br>**ڕاڤە** لە عەشقی تۆدا هەموو ژیانم بە داماوی و کلۆڵی بەسەر برد! ئەوە چۆن بووە ئەمجارە دەستم گەیشتووە بە گەردنی تۆ؟ ئەی شەو پاداشتی ژیانی دواییشم با بۆ تۆ بێت، بەو مەرجەی بە هێواشی بڕۆیت و زوو ڕۆژ نەبێتەوە! چونکە هەر ئەمشەو دەستم گەیشتووەتە گەردنی یار!<br>**خودای شەو:** خێوی شەو؛ جندۆکەی شەو. یا خاوەنی شەو. |
| 25 | **لە لێوت، زامی جەرگم پڕنەمەک بوو**<br>**لە سێوت، خەم لە ناو سینەم کەڵەک بوو**<br>**لە سایەی گەردنی تۆبام وچانێ**<br>**لە ئەولاش داری تووبا ناگەرک بوو**<br><br>**ڕاڤە** لە تاو لێوی تۆ کە (قسەی سوێر)م پێ دەڵێیت، برینم کولایەوە وەک ئەوەی خوێی پێدا بکرێت! لە تاو مەمکەکانیشت دڵم پڕ بوو لە خەفەت، کەمێک لە سێبەری گەردنی تۆ ببوومایە لەم دنیا، ئەوا لەو دنیا سێبەری داری (تووبا)ی ناو بەهەشتم نەدەویست.<br>(**طُوبَىٰ**) ناوی دارێکە لە بەهەشت. |

| | |
|---|---|
| 26<br><br>**ڕاڤە** | **لە دەست ئەو چاوە مەستەتت نیمە چارە**<br>**لە ناخێم ڕا دەکەن، دەرد و پەژارە**<br>**لە کێلی گۆڕەکەم یاران بنووسن:**<br>**کوژاوی گەردنی کێڵە و هەژارە**<br><br>بە دەست چاوە مەستەکانتەوە چارەم نییە، چونکە دەرد و پەژارە دەخەنە ناخمەوە! ئازیزانم! ئەگەر مردم ئەوا لە کێلی گۆڕەکەم بنووسن: ئەم هەژارە داماوە، لە تاو گەردنی بەرز و ناسک و جوان مردووە.<br>**لە ناخێم –ڕا- دەکەن:** دەیکەنە ناخمەوە.<br>**کێڵ گەردن:** بریتی لە گەردنی بەرز و ناسک و جوان؛ گەردن کێڵ.<br>کابانی قۆڵ بەبـــازن... شەنگەبیری کێڵ گەردن<br>لەنێو مەڕ دێن و دەچن... وەک پۆلی پۆڕان دەچن<br>هێمن موکریانی |
| 27<br><br>**ڕاڤە** | **گوڵی باخان لە شەرمی کوڵمە سوورە**<br>**لە ڕووی ئەو پەلکی گوڵ ئەستوورە، زوورە**<br>**گوتم: مردم، نەگەیمە ماچێ، فەرمووی:**<br>**هەژار بمبوورە! دوورە ئەو سنوورە**<br><br>کوڵمی تۆ هێندە سوورە، گوڵ لە ئاستی شەرمەزار بوو و سوور هەڵگەڕا! ڕوخسارت ئەوەندە ناسک و سافە، گوڵ لە چاویدا ئەستوور و زبرە. وتم: وا کۆتایی ژیانمە و تۆ ماچێکت نەدامێ! ئەو وتی: تۆ بێ چارەیت! ئەوەی داوای دەکەیت زۆر دوورە نایگەیتێ!<br>**زوور:** زبر. |
| 28<br><br>**ڕاڤە** | **هەتا مردن لە دڵدا سینە ماکە**<br>**دڵت چەند چاکە! دڵداریت چ پاکە**<br>**لە تاریکایی دۆستی، دەست لە ناو دەست**<br>**کە تیشکی دا چراکە، بوومە کاکە**<br><br>هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەمرم لە ناو دڵمدا یادت دەمێنێت! دڵت زۆر باش بووە دڵداری بە پاکی دەکەیت! کاتی شەوان دڵدارمی و دەست دەخەیتە ناو دەستم، (ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێت کە لە خەوندا دەیبینێت!) بەڵام کە ڕۆژ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت بە کاکە بانگم دەکەیت! |

| | |
|---|---|
| 29 | **زمان بۆ پەسنی ئەو لێوئاڵە لاڵە**<br>**گلێنەم تانەداری دانە خاڵە**<br>**بە پیری چووم بەرەو پیری مناڵی**<br>**دڵی بردووم کچۆڵێک چاردە ساڵە** |
| ڕاڤە | بۆ باسی ئەو، زمان وەک لاڵ وایە ناتوانێت لێوە سوورەکانی وەسف بکات، گلێنەی چاویشم هێندە سەیری خاڵەکانی ئەوم پێ کردووە، خاڵەکان وەک تانە کەوتوونەتە سەر چاوم، بە پیری چووم بەرەو ڕووی حەزەکانی منداڵیم، بەم تەمەنەوە دڵم بە کچۆڵەیەکی چواردە ساڵەوەیە. **پەسن**: پێهەڵگوتن. **گلێنە**: سپیایی و ڕەشایی چاو بە گشتی. **بەرەو پیری مناڵی**، لە پەرتووکێکدا بە بەرەو پیری مناڵیَ نووسرابوو.<br>بە جامی بادە تێر نابم، ئەگەر مەیلت هەیە ساقی<br>گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت، بۆم تێکە تا بیبا (هیمن موکریانی) |
| 30 | **لەگەڵ تۆ دا کەسێکی دەمدەمانە**<br>**چ کارێکی بە خۆشیی، پاش نەمانە؟**<br>**مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە**<br>**بەهەشتی خۆش لە شێوی ناو مەمانە** |
| ڕاڤە | ئەو کەسەی کە لەگەڵ تۆدا قسە دەکات (یان دەمی لە ناو دەمتدایە) چ پێویستی بە پاداشتی دوای مردنە؟ لێوی ئاڵی تۆ تامی مەی و ئاوی کەوسەر دەدات کە لە بەهەشت هەن، بەینی مەمکەکانیشت وەک بەهەشت خۆشە! |
| 31 | **ددان مرواریی‌ە و هەریەک لەوانە**<br>**لە نرخا، گەنجی قاروون ناتەوانە**<br>**لە سووچی لێوەکەت، خاڵێک دیارە**<br>**لە گەنجا بێچوە زەنگی پاسەوانە** |
| ڕاڤە | ددانەکانت وەک مرواری وان، لە نرخدا گەنجی قاروون ناگاتە تەنیا یەک ددانت، لە سەر لێوت خاڵێک هەیە وەک پاسەوانی جوانییەکانی ڕوخسات وایە (یان پاسەوانی دەمتە تا کەس ماچی نەکات). |

| | |
|---|---|
| 32 | **به گریەم پێکەنی، خەندەت بە شینە**<br>**دەڵێی: پاش گریە، نۆرەی پێکەنینە**<br>**دڵت گەر سەدیەکی سینگت نەرم با**<br>**نەرم بووی ئێستە، بۆ ماچێک لە سینە** |
| ڕاڤە | کاتێک من دەگریان ئەو پێ دەکەنی، بە زمانی حاڵ پێم دەڵێت: لە دوای گریان سەرەی پێکەنینە! ئەگەر دڵی یەک لەسەر سەدی مەمکی نەرم بوایە، ئەوا خۆشی نەرم دەبوو بۆ ئەوەی ماچێکی سینەم بداتێ! |
| 33 | **شەوە لەو سەوزەزارە، لەو دەم ئاوە**<br>**مەکۆی خەم لاچووە، دەمکوڵ چ ماوە؟**<br>**مەکە و لاچۆ و دەمانبینن بیانوون**<br>**بەیانە و دەم بنێ دەم، دەم نەماوە** |
| ڕاڤە | بەم کاتی شەوە لەم سەر چیمەن و سەوزاییە، ئیتر خەفەتمان نەماوە یارە دەم بچکۆلانەکەم! کاتی دەستبازیی پێم مەڵێ مەکە لێم دوور کەوەرەوە نەکوو خەڵک بمانبینن! ئەوانە بیانوون، ئەگینا خۆشت حەز دەکەیت! وا ڕۆژ بووەوە، کاتمان کەم ماوە بهێڵە دەم بخەمە ناو دەمت.<br>**دەم**: زار. **دەم**: کات. |
| 34 | **بەدوای کەزیەت دڵ دالەقاوە**<br>**بژۆڵت ڕێزە نێزە تێی چەقاوە**<br>**وچانێک لێوی قەندم پێ ببەخشە**<br>**جگەر برژاوە گەر پێت خۆشە قاوە** |
| ڕاڤە | دڵم بە تاڵێکی پرچتدا هەڵواسراوە، برژانگیشت وەک ڕم تێی هەڵچەقیوە! تەنیا یەکجار با ماچێکی لێوە شیرینەکانت بکەم! بفەرموو جگەریشم وەک قاوەی تاڵ سووتاوە، لەگەڵ شیرینی لێوت تێکەڵی بکە!<br>**کەزیە**: پرچ، زلف. **دالەقاو**: هەڵواسراو. **بژۆڵ**: بژانگ؛ برژانگ. **نێزە**: نەیزە؛ کورتەڕم. |

| | |
|---|---|
| 35<br><br><br><br><br>**ڕاڤە** | **وەرە، تاوێکە گوڵزارت نەدیوە**<br>**لە تاوت خۆنچە سینەی دادڕیوە**<br>**وەنەوشە دوور لە باڵات خۆی دە هەش نا**<br>**هەڵاڵە زەردە، نێرگز ڕەنگ پەڕیوە**<br><br>تۆ خۆت گوڵیت وەرە بۆ ئێرە ببینە ماوەیەکی کەمە نەهاتیتە گوڵزار هاوڕێکانت چییان بەسەرهاتووە؟ لە تاو دووری تۆ خونچە بەرۆکی خۆی دادڕیوە، گوڵی وەنەوشەش خۆی ناوەتە ڕەنگی شین کە نیشانەی تازیەبارییە، گوڵی هەڵاڵەش سوورییەکەی نەماوە و زەرد هەڵگەڕاوە، نێرگزیش ڕەنگی پێوە نەماوە!<br>**هەش**: خم؛ خوم؛ گیایەکە بۆ ڕەنگی شین دەکار دەکری. |
| 36<br><br><br><br><br>**ڕاڤە** | **دەبێ بە کوێ بگەی؟ هێشتا نەگەیوی؟**<br>**لە ڕوخسارا بەهەشتی، ڕۆژی، هەیوی!**<br>**هەزاران داوود و دەنگی زەمووری**<br>**دەبەر لێوت مرن، کاتێ دەپەیوی**<br><br>بەم منداڵییە ئاوا جوانیت؟ دەبێت ماوەیەکی تر چ جوانێکت لێ دەربچێت! دەموچاوت وەک بەهەشت، ڕۆژ و مانگ وایە! کاتێک دەدوێیت دەنگت هێندە خۆشە دەنگی هەزاری وە (داود) کاتێک پەرتووکەکەی دەخوێنێت، ناگەنە دەنگی تۆ. |
| 37<br><br><br><br><br>**ڕاڤە** | **کش و ماتە جیهان، لە ژوانی، لە نوێ**<br>**گەلاوێژ بۆ مە دەڕوانێ لەسەر سوێ**<br>**چریکەی بولبولێک دێ، وا دەزانم**<br>**چپەی ماچی من و تۆی هاتە بەر گوێ**<br><br>ئەم جارەش ژوانێکی تازەمانە، دنیا بێ دەنگە و ئەستێرەی گەلاوێژ تەماشامان دەکات لە ئاسۆوە، دەنگی بولبولێک دێت، وا بزانم گوێی لە شڵپەی ماچی ئێمەیە، بۆیە دەخوێنێت.<br>**سوێ**: ئاسۆ. |

1

لـە لامی، گیـان پەپوولێکـە لـە ڕووتا

ئەگەر لێم دوور دەبی، دڵ دێ بە دووتا

لـە نێزیکـی و لـە دووریت، خـاکەسـارم

ئیتر یـا دڵ نییە، یـان گیانـــــە سووتا

2

دڵم دەیزانی ڕادەبری بە سەرمـــــــا

بە ڕێی کرد، دوا هەناسێکی لەبەرما

بـــــە چاوم ئاوڕشێنی ڕێگەتم کرد

گیان دەرکەوتە پێشواز و لە دەر ما

3

هروژمیان کردە دڵ، تیپـــــــی مژۆڵت

بە خوێن پاراوکرا، جێژوانی چۆڵت

دەسی دڵ بگرە، خوێنڕێژی هەتا کەی؟

بـــەزێکت بـــێ بە دڵداری کـڵۆڵت

4

لە تینی کوڵمەکەت، جەرگ و دڵم سووت

لە تـاوی چـاوی جـادوت، بوومە هارووت

بەهەشت و کەوسەر و هـەنگوین و شیری

بە شاباشـی دڵۆپێک ئـــــارەقی ڕووت

5

دڵــی شێتــم وەهــا گرتـــــــــی گڕوو پێت

لە تــاوان، پێی دەتــاوان بەردی بەر پێت

چ ژین سەختم! چ دڵ سەختی گوڵی من!

کــزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت

6

بە چــاوی تـــــــۆ دڵـــی زار و گــرفتار

بە دڵ مەرگــی دەوێ، ڕۆژێ هەزار جار

لە ڕێی ئەم جوانییەت، تۆزێ بەزەت بێ

هـــــــەژاری تۆم، لــە مردن مەمکە ڕزگار

7

لە تــاریکایی پرچت، بێ سەرەودەر

دڵم گێژ و هوڕە چەشنی سکەندەر

بەلام ئاوی ژیان لاجانگی تۆیە

بەڵام ڕەشماری بسکت بوونە لەمپەڕ

8

بەژن شۆڕ و کەزیی شۆڕ و خەزیم شۆڕ

سەرەوشۆڕم دەکەن، سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ

هــەژار و خــوار و لــەشبیمار و دڵدار

دەبا وام لێ بێ، مافی خۆمە، هەی گۆڕ!

9

شەوە، دنیا وەکوو خاڵت سیاپۆش

وەرە، با دەردەدڵ بکرێن فەرامۆش

دەسم دەستۆکە، با بتگرمە باوەش

ئەگەر مردم لە خۆشییان، چاوی تۆ خۆش

10

بە سەرگەردانی ژێرگەردانەکەت بم

بەڵاگەردانی باڵا جوانەکەت بم

ئەوا تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین

بە گۆری چاوە پڕ گریانەکەت بم

11

دەمی کۆچ، بارەکەت ناچێ لە یادم

دەبێ وەک کوشتمت، بشپرسی دادم

"کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا، دڵی من

شکا ئەستوندەکی تاوڵی مرادم"

12

دەپرسی چۆنە چێژەی خەم دەچێژم؟

لەبەرچی دەرد و زووخاو هەڵدەڕێژم؟

بژانگی تۆ، دڵی کردوومە بێژنگ

کوڵ و خوێنی ئەوینێ دادەبێژم!

13

له گوارەی پڕ پەرەنگ دڵ پڕ پەرەنگم

چەماوی بەژن و باڵای شۆخ و شەنگم

لەسەر سینگی سپیت، چاوم سپی بوون

له تاوی زەردە لیمۆت، زەردە ڕەنگم

14

له قەندی لێوی تۆیە ژینی تاڵم

له سووری کوڵمەته به خوێن شەڵاڵم

له دوو مەمکی خڕت، بیرم بڵاوە

کوڵاو و کۆڵەواری سێوی کاڵم

15

به دڵ گیرۆده بەو پرچی بەچینم

ڕەش و ئاڵۆزە، وەک ئەو بەخت و ژینم

دڵت گرتم، خەیاڵی خۆت تیا دی

خەوت بردم، که لەودا تۆ دەبینم

16

وەرە، ئەی بەندی جەرگ و ماکی ژینم

وەرە، هەتووانی گش دەرد و برینم

شەوی ڕەش، ڕۆژی ڕوونی بەختی من بوو

که لەودا، تۆ نزیکی خۆم دەبینم

17

گراوی داوی خاوی سەربڕاوم

کوژاوی چاوی مەستی نیوە خاوم

لە تیشکی ڕوومەتت، سەردە هەناسەم

کز و بێ تینی ئەو بەژنی زراوم

18

جگەر لەتلەت بە ئەبرۆی تازەساوم

لەپت سوورە لە خوێناوی ڕژاوم

خەیاڵم پەرتە بۆ خڕخاڵی قۆڵت

زڕەی لەرزانەکەت، بردی زراوم

19

چ خۆشە پاشی ئەم تۆرانە، سازان

چ شیرینە وتەی ڕاز و نیازان

بەسم بێ جەزرەبەی شەوگاری دووریت

پتر مەیهەنجنە جەرگم بە نازان

20

شەو ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان

لە مانگی ڕووت، هەناسەم بۆتە خەرمان

تکەی ئاونگی کوڵمت تەڕ دەکا لێو

گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان

21

پلاری تۆن کە دڵ چڕژاوە ئەمشەو

جخاری تۆن کە خوێن پڕژاوە ئەمشەو

مزەم چی بوو لە چاوی مامزی مەست؟

کە جەرگم بۆ مەزەی برژاوە ئەمشەو

22

لە چەشنی ئاگرن، کوڵمی گەشی تۆ

لە مار حەستەمترن پرچی ڕەشی تۆ

بڵێم وەک چی دەچی؟ هەر گوڵ دەزانم

لە گوڵ ناسکترە، ناسکلەشی تۆ

23

دڵم تەنگە، وەکوو خونچەی دەمی تۆ

سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ

دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک

وتت: پێک نایە، زۆری من کەمی تۆ

24

ژیانم چوو، هەژار و دەستەوئەژنۆ

چلۆن ڕوویداوە دەست و گەردنی تۆ؟

ژیانی دوایەشم بۆ تۆ، خودای شەو

بەرەو ڕۆ خۆش مەڕۆ، تۆزێک لەسەرخۆ

25

له لێوت، زامی جەرگم پڕنەمەک بوو

له سێوت، خەم له ناو سینەم کەڵەک بوو

له سایەی گەردنی تۆبام وچانێ

له ئەولاش داری تووبام ناگەرک بوو

26

له دەست ئەو چاوه مەستەت نیمه چاره

له ناخێم ڕا دەکەن، دەرد و پەژاره

له کێلی گۆڕەکەم یاران بنووسن

کوژاوی گەردنی کێله و هەژاره

27

گوڵی باخان له شەرمی کوڵمه سووره

له ڕووی ئەو پەلکی گوڵ ئەستووره، زووره

گوتم: مردم، نەگەیمه ماچێ، فەرمووی

هەژار بمبووره! دووره ئەو سنووره

28

هەتا مردن له دڵدا سینه ماکه

دڵت چەند چاکه! دڵداریت چ پاکه

له تاریکایی دۆستی، دەست له ناو دەست

که تیشکی دا چراکه، بوومه کاکه

29

**زمان بۆ پەسنی ئەو لێوئاڵە ڵاڵە**

**گڵێنەم تانەداری دانە خاڵە**

**بە پیری چووم بەرەو پیری منالّی**

**دڵی بردووم کچۆڵێک چاردە ساڵە**

30

**لەگەڵ تۆ دا کەسێکی دەمدەمانە**

**چ کارێکی بە خۆشیی، پاش نەمانە؟**

**مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە**

**بەهەشتی خۆش لە شیوی ناو مەمانە**

31

**ددان مرواریيە و هەريەک لەوانە**

**لە نرخا، گەنجی قاروون ناتەوانە**

**لە سووچی لێوەکەت، خاڵێک دیارە**

**لە گەنجت بێچوە زەنگی پاسەوانە**

32

**بە گریەم پێکەنی، خەندەت بە شینە**

**دەڵێی: پاش گریە، نۆرەی پێکەنینە**

**دڵت گەر سەدیەکی سینگت نەرم با**

**نەرم بووی ئێستە، بۆ ماچێک لە سینە**

33

شەوە لەو سەوزەزارە، لەو دەم ئاوە

مەکۆی خەم لاچووە، دەمکوڵ چ ماوە؟

مەکە و لاچۆ و دەمانبینن بیانوون

بەیانە و دەم بنێ دەم، دەم نەماوە

34

بەدوای کەزیەت دڵ دالەقاوە

بژۆڵت ڕێزە نێزە تێی چەقاوە

وچانێک لێوی قەندم پێ ببەخشە

جگەر برژاوە گەر پێت خۆشە قاوە

35

وەرە، تاوێکە گوڵزارت نەدیوە

لە تاوت خۆنچە سینەی دادڕیوە

وەنەوشە دوور لە بالآت خۆی دە هەش نا

هەڵاڵە زەردە، نێرگز ڕەنگ پەڕیوە

36

دەبێ بە کوێ بگەی؟ هێشتا نەگەیوی؟

لە ڕوخسارا بەهەشتی، ڕۆژی، هەیوی!

هەزاران داوود و دەنگی زەمووری

دەبەر لێوت مرن، کاتێ دەپەیوی

**کش و ماتە جیهان، لە ژوانی، لە نوێ**

**گەلاوێژ بۆ مە دەڕوانێ لەسەر سوێ**

**چریکەی بولبولێک دێ، وا دەزانم**

**چپەی ماچی من و تۆی هاتە بەر گوێ**